بافڵ تاهڕبانی نیگەڕانی قوڵی خۆی لەبارەی ڕوداوەکانی هەردو گەڕەکی شێخ مەقسود و ئەشرەفیەی حەڵەب دەردەبڕێت

بافڵ تاهڕبانی، سەرۆکی یەکێتی نیگەڕانی قوڵی خۆی لەبارەی ڕوداوەکانی هەردو گەڕەکی شێخ مەقسود و ئەشرەفیەی حەڵەب دەردەبڕێت و دەشڵێت، لەم کاتەی سەختەدا دڵم لای گەلەکەمانە لە ڕۆژئاوای کوردستان.

بافڵ تاهڕبانی، سەرۆکی یەکێتی لە پەیامێکدا ڕایگەیاند"بە نیگەڕانییەکی قووڵەوە لە ڕوداوەکانی شێخ مەقسود و ئەشرەفیە لە حەڵەب دڵنیام، لەم کاتە سەخت و دژوارەدا دڵم لای گەلەکەمانە لە ڕۆژئاوای کوردستان."

وتوشیەتیە"هیوادارم هەموو لایەک دان بخۆیاندا بگرن و ژیرانە مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕوداوە نەخوازراوەدا بکەن و لە ڕێگای دیالۆگ و گفتوگۆی بەرپرسیارانەوە کێشەکان چارەسەر بکەن."

جەختیشی کردەتەوە، "پشتگیریی لە هەر هەوڵێک دەکەم بۆ هەورکردنەوەی دۆخەکە و چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەکان."